# لەشفرۆشی پرۆژەیەکە بۆژیان ،یان ... !؟

**سەروەر کەریم**



قسەکردن لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی بۆخۆی بەجۆرێک لەجۆرەکان هەڵگری دنیایەک ئیشکالیاتی کۆمەڵایەتی و مۆراڵیە ، بەتایبەت لەکۆمەڵگادواکەوتوەکانی خاوەن کەلتوروفەرهەنگی ئایینی و خێڵەکی دا . بەدیوێکی تردا وورووژاندنی ئەومەسەلەیە دەبێتە بەزاندنی هێڵی سوورو دوچاری ڕووبەڕووبوونەوەو گرفت دەبیت .
لەکەلتورو فەرهەنگی ئایین و خێڵدا بەهیچ شێوەیەک نابێت قسە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و مۆراڵیەکان بکرێت ، چونکە ئەوانە پیرۆزیەکانن و حەرامیەتیان لەسەرەو نابێت تاکەکان دەستی بۆبەرن ، یاخود قسەی لەسەر بکەن وئەونهێنیانە ئاشکرابکەن ،هەرتاکێکیش ئەوکارەبکات ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە لەلایەن ئەویەکانەوە .
دەسەڵاتی خێڵ و ئایین بەردەوام ئەوەڕەت دەکەنەوە ،کەدیاردەی لەشفرۆشی بوونی هەبێت،یاخود دیاردەیەک بێت لەکۆمەڵگادا بوونی هەبێت.لەکاتێک دا لەناو پیاوانی ئەویەکانەدا بەجۆرەهاشێوە کاربۆڕامکردنی ژنان و کچان دەکەن بۆئەوەی ئارەزوە سێکسیەکانی خۆیان تێربکەن و هیچ سنوورێک ناناسن هەرچی وئیمکانیاتی خۆیان هەیە دەیخەنە گەڕ تارەگەزی بەرامبەر ڕازی بکەن ..
کۆمەڵگای کوردی یەکێکە لەکۆمەڵگا سونەتیەکان وکومەڵگایەکە هەڵگری کەلتورو فەرهەنگی ئایین و خێلەوهەموو پێوەرەکانی بۆئازادی و ژیان ،هەمان پێوەری ئایین و خێڵەو بەتوندترین شێوەش مومارەسەی ئەو عەقڵیەتەدەکات لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ، کەئەم عەقڵیەتەش دنیایەک ئازار ومەینەتی بۆتاکەکانی کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی هێناوەو ماف ئازادیەکانی پێشێل کردوون ..
کۆمەڵگایەک تائێستاش بەجۆرێک لەجۆرەکان دژی ئازادی خۆشەویستی وهاوسەری بێت و کچان لەسەر خۆشەویست بکوژێت و لەگشتی دا ژنان پلەدووبن ،چۆن ڕێگەدەدات قسە لە سەردیاردەیەک بکرێت ،کەزۆر لەئازادی خۆشەویستی خەتەر تربێت وبەدیوێکی تریش دا قسەکردن بێت لەسەر نەستی پیاوانی ئەوکەلتورو فەرهەنگەو ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندیە نهێنیانەی پیاوان لەتاریکی دا بەڕێوەی دەبەن ... بۆیەپیاوان بەردەوام دژی ئەوەن قسە لەبوونی ئەودیاردەیەبکرێت ،لەکاتێک دا خۆیان ڕاوچی ئەو ژن و کچانەن کەلەش دەفرۆشن و لەتاریکی دا ئەوکردەیە ئەنجام دەدەن .
کۆمەڵگای کوردی بەجۆرێک لەجۆرەکان خاڵی نەبووە لەدیاردەی لەشفرۆشی و قۆناغ دوای قۆناغ گەشەی کردووەو فراوان بووە ،ئەگەر لەڕابوردوودا ئەودیاردەیە تاک و تەرابووبێت ،ئەوا دوای ئازاری (1991) ئەودیاردەیە

زیاددەکات و ڕێژە ئەو ژن و کچانەی ئەوکارە دەکەن زۆردەبن ژمارەیان دەگاتە سەدان ، بەڵام کەمترین قسە لەسەر ترسناکی زیادبوونی ناکرێت وبەڵکو لێرەولەوێ نەفیش دەکرێتەوە کەبوونی ئەودیاردەیە بەوشێوەیەبێت .

بەهەرحاڵ پانتایی ڕۆشنبیری ئێمە لەوبوارەدا زۆرلاوازەو نەیتوانیوە هەوڵی خوێندنەوەیەکی واقیعی بدات ومەترسیەکانی ئەودیاردەیە شیبکاتەوە چارەسەریش بخاتەڕوو، بۆئەوەی هەرنەبێت کەمێک کۆمەڵگا لەولادانە کۆمەڵایەتیە هۆشیار بکاتەوە .

کاتێک ئەوە نەکراوە و مەترسیەکانی نەخراوەتە بەرچاو ڕێژەکە زیادی کردووە و ساڵ دوای ساڵیش کچان و ژنانێکی زیاتر بەو کارەوە پەیوەست بوون ، کەدیارە ئەوەش پاڵنەری خۆی هەیەو قۆناغەکانیش دەوری خۆیان هەبوە لەفراوان بوونی و ڕاکێشانی ڕێژەیەکی زیاتر بۆئەوکارە .

ئەگەر لەنەوەتەکانداو بەهۆی گەمارۆی ئابوری ونەبوونی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە ژنان وکچانێک بەناچاری و لەبەر بەدەست هێنانی نان دووچاری ئە و ژیانە ناهەموارە بکرێ ، کەبەدڵنیایی بەشێک لەبەرپرسان دەوری خۆیان گێڕاوەو بەهۆی ئەودەسەڵاتە مادی مەعنەویەی کەهەیان بووە بەکاریان هێناوە بۆ ئستغلال کردنی ئەو ژن و کچانەی کەکاریان کەوتوەتەلایان و ئارەزوە تایبەتیەکانی خۆیان تێر کردوە . ئەوڕەوشە لەکوردستان بەردەوام بوەو ڕێژەی لەشفرۆشی زیاد کردوە و هەتا ڕووخانی بەعس درێژەی کێشاوە ،بەڵام بەدوای ڕوخانی بەعس داو والآبوونی هاتوو چۆی ناوشارەکان دیاردەی لەشفرۆشی پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ وە وسەردانی لاوەکان بۆشارەکانی دەرەوەی هەرێم ڕوو لەزیادبوون دەکات ورۆژانە سەدان لاو لەپێناوی بەتاڵکردنەوەی ئارەزوەکانیان ڕێگایەکی پڕمەترسی دەبڕن و پارەیەکی زۆریش سەرفدەکەن ،کەئەوە زیانێکی گەورەیەوە ڕێگا خۆشکردنیش بۆئەوەی بازرگانی دەست پێبکات وتۆڕی هێنانی ژنان و کچانی لەشفرۆش دروست ببێت و بەپێی ویستی مشتەریەکان ئیسترادیان بۆبکەن . کەبەدڵنیایش بەشێک لەسەر پەرشتیار تۆڕەکان کوردن هەردوو ڕەگەزیش بەشدارە تیایدا . بوونی ڕێژەیەکی زۆری سۆزانی عەرەب هێندەی تر برەوی بەفراوان بوونی ئەودیاردەیە داوە و وای کردوە ژنان و کچانی کوردیش پەیوەست بن بەو تۆڕانەوە .

بەبڕوای من بەشێکی زۆری ئەوانەی پەیوەست بوون بەدیاردەی لەشفرۆشیەو بنەمایەکی مادی هەیەو لەپێناو بەدەست هێنانی پارەدا ئەوچارەنووسەیان بۆخۆیان هەڵبژاردووە ،کەزۆربەشیان پەشیمانن ،بەڵام تازە چارەیەک شک نابەن .

بمانەوێ ونەمانەوێت ئێستا لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەشفرۆشی دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگرە و پێویست بەوەهەیە قسەی لەسەر بکرێ و لەودیوو زورە نهێنیەکانەوە بهێنرێتەدەرەوەو بەشێوەیەکی فراوان مەترسیەکانی بخرێتەڕوو ،چونکە لەهەرکۆمەڵگایەکدا لەشفرۆشی فراوان بێت لادانە کۆمەڵایەتیەکان ڕوولەزیاد بوون دەکات و ڕووبەڕووبوونەوەی قورس تردەبێت و لاوانیش زەرەرمەندی سەرەکی دەبن .بەتایبە لە و کۆمەڵگایانەی تاسەر مۆخ وئێسقان چەپاندنی سێکسی بوونی هەیە بێت ولاوان بەهەردوو ڕەگەزەوە نامۆبن بەجەستەی خۆیان و ئارەزوەکانیان ، بەزووی ڕوو لەلادان دەکەن بەدوای ئاروزوە خەفەکراوەکانیان دەکەون بە هەرنخێک بێت ، ئەمەش لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەستی پێکردوەو ئەنجامەکەشی نەخۆشی جۆراوجۆرو کارەساتی لێدەکەوێتەوە و بەشێک لەتواناکانی لاوان لەخۆی دادەکوژێت . بەرفراوان بوونی لەشفرۆشی بوونی ئەوهەموو چەپاندنە سێکسیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا چەندین کارەساتی ناوەتەوەو ، خەریکە پەیوەندیە خۆشەویستیەکانیش بەتەنها بەرگێکی

سێکسی پێدەبەخشرێت و دواتر لەرێگەی وێنەگرتنەوە وەبلاو دەکرێتەوەو کچان دووچاری کوشتن ومەرگ دەکەن ،چەندین نموونەی لەوجۆرە ڕووی داوە کەکچەکە بەبێ یەک ودوو کوژراوە (خاوەنی ئەم وتارە چەندین بەڵگەی لایە) . لەکاتێکدا ئەوکردەیە دووسەرەیەو هەردوو ڕەگەز لی بەرپرسن و دەبێت وەک یەک سەیربکرێن ، لەوەش واوەتر کۆمەڵگاو کەلتورو دەسەلات بەرپرسی یەکەمە لەخوڵقاندنی ئەودۆخە بەگشتی . کاتێک دۆخەکە بەوشێوەیەبێت سەیرنی یە کە چەندین پارچە فیلمی سێکسی کوردی بوونی هەبێت و لەرێگەی ئامێری مۆبائیلەوە لەنێوان گەنجەکاندا بگۆڕدرێتەوە و گەنجەکان سەرگەرمی ئەوەبکات چۆن ئەوپارچە فیلمانە بەدەست بهێنن و ئەو خولیایەشیان لادروست دەکات کەخۆیان ببنە پاڵەوانی ئەو پارچە فیلمانەو بۆئەوەش ڕێگای ناشیاو دەگرنەبەر .

زۆر جار ئەوکارەناشیاوانە لەبەرامبەر خۆشەویستەکەی دا ئەنجام دەدات و بەوەش هەڕەشەی تەسلیم بوونی لێ دەکات کەوێنەکەی بلاو دەکاتەوە بەناچاری کچێکی تر ڕووەو بازاڕەکانی لەشفرۆشی ڕەوانەدەکات و لەوێشەوە بۆکوشتن ، ئەجۆرە کارەناشیاوە لەکۆمەڵگای ئێمەدا چەندبارە بوەتەوە و وەک هەر کارێکی تر ئاسایی تێپەڕی وە و کەمترین هەڵویستەی لەسەر نەکراوە و ڕێژەی قوربانیەکان زیادی کردوە ، ئەوەگەورەترین کارەساتی کۆمەڵگای ئێمەیە کەهیچ شتێک ڕامان ناچڵەکێنێ و بەدوای داناچین تائەو ڕادەیەی خۆمان بەبەرپرس لەهیچ شتێک نازانین تەنها سەیر شتەکان دەکەین .

ئەوبێدەنگیەی ئێمە لەئاست ترسناکی ئەو دیاردەیەدا گومان دەخاتە سەرکۆی بیرکردنەوەمان لەکۆی ئەوچەمکانەی قسەی لەسەر دەکەین ، ناکرێت قسە لەکومەڵی مەدەنی و عەلمانیەت و دیموکراسی ومافی مرۆڤ بکەین ، بەلام بێدەنگ بین لەبەرامبەر لادانە کۆمەلایەتیەکاندا کەدواجار دەبێتە نەخۆشیەکی کوشندە جەستەی کۆمەڵگاوێران دەکات .

بێدەربەستی ئێمە بەرامبەر لادانەکان دیاردەناشیاوەکان زیاد دەکات و هەرخۆشمان بەرپرس دەبین لەئەنجامەکانی ،بۆیە ناکرێت ئێمە بەتەنها سەیری دیاردەکان بکەین و ڕێژەکان ئاماربکەین وقسەیەکمان نەبێت .

بەبڕوای من کاتی ئەوەهاتوە ئێمەبەجدی قسە لەسەردیاردەکان بکەین و هەڵی چارەسەریش بدەین ،ئەگەرنا شتەکان لەدەست دەردەچن ، بۆیە مادام دیاردەیەک بوونی هەیەو پەیوەندی بەتەواوی تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیەو زیان بە جەستەی کۆمەڵگادەگەیەنێت دەبێت هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت ، کەئەمەلەهەموودنیاشدا هەروایە .

کاتی ئەوە هاتوە کە دەسەلاتی کوردی دەرچێت لە وخەمساردیەی هەیەتی بەرامبەر بەکۆمەڵگاو هاولاتیان بیرلەرێگاچارەکان بکاتەوە خۆی بەبەرپرس بزانێت لەکێشەکۆمەلایەتیەکا ن ،کە دیاردەی لەشفرۆشی دیاردەیەکی ترسناکەو پێوسیتی بەچارەسەر هەیە و دەکرێت دەسەلاتی کوردی ،وەک کۆی ولاتانی دنیا هەنگاو بنێت بەئاراستەی چارەسەر بۆئەودیاردەیە ،لەگەڵ ئەوەی لەشفرۆشی ناتوانین بنەبڕەکرێت بەلام دەکرێت بەربەفراوان بوونی بگیرێت بەچەندین شێوەی جۆراو جۆر وەک .

1- کردنەوەی شوێنی تایبە بەوژن و کچانەی دووچاری لەشفرۆشی هاتوون .

2- کردنەوەی یانەی کۆمەڵایەتی تایبەت بۆ لەشفرۆشان بەمەبەستی ڕاهێنانەوەیان لەسەر ژیانی ئاسایی و دواتر فورسەتی کارکردن دامەزراندن بۆیان ، بەیاییە ئەوانەی دەیانەوێت دەست بەرداری لەشفرۆشی بن .

3- هۆشیار کردنەوەی هاوڵاتیان لەڕێگای میدیای (نووسرا و بینراو بیسراو) دەرخستنی مەترسیەکانی ئەودیاردەیەو ئەونەخۆشیانە لەئەنجامی ئەودیاردەیەوە بڵاو دەبێتەوە .

ئەگەردەسەڵات ویستی هەبێت دەتوانێت لەورێگایانەوە مەترسی ئەودیاردەیە کەم بکاتەوە و ڕووبەڕووی ئەودیاردیە بوەستێ تەوەو ، بەهەرحاڵ لەشفرۆشی دیاردەیەکی ترسناکە و دەبێت بەقەدەر ترسناکی دیاردەکەکاری لەسەر بکرێت مەترسیەکانی لەبەر چاوبگیرێ ، ئەگەرنا تۆڕەکانی بازرگانی بەجەستەی مرۆڤ زیاد دەکات و ڕێژەی قوربانیانیش زیاد دەکات ....

2006/9/12

تێبینی :

وێنەکان کە هەیە و زۆرینەیان کوردن بە لاّم دەست کاری کراون لەبەر پاراستنی عورفی ڕۆژنامەگەری



وێنەی ژمارە (1)

کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت



وێنەی ژمارە (2)



وێنەی ژمارە (3)

کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت